# ئێوه هەرگیز نامرن!!!

## دایکی فەرزاد کەمانگەر: ... گوڵێکی سوورم پێشکەش بە خاکی وڵاتەکەم کردووە و جێگای شانازیمە و شادم بە ئەوەی کە لە ماڵی منەوە ئەم گوڵە بە دیاری هاتووە...

**"لە بێدەنگیدا، تامەزرۆ و نامۆ ٢٧مین ساڵیادی ئێعدام کردنی ئەتۆم ڕێز دەگرت و بیرەوەریە کاڵەوەبووەکانم لە بەر چاوودا تۆخ دەبوونەوە، چاوم لە بزەی تۆراوی مانگی گوڵانە و لە بووکی ڕەشپۆشت و چاوم لە قوتابیە بە جێ ماوەکانت و خەنەبەندانی خوێن ڕەنگتە کە هەواڵی لە سێدارە دانی فەرزاد و هاوڕێیەکانی برینە کۆنەکانیشمی وەژان هێنا و لەو ڕۆژەوە بەدڵێکی پڕلە ناسۆرەوە وێنەی دایکی فەرزادیشم کە فەرزادی لە ئامێز گرتووە خستە ناو چوارچێوێ قاپی بیرەوەریەکانم و نەخشی لە پاڵ وێنەی دایکم کە وێنەی ئەتۆی باوەش گرتووە بۆ هەمیشە داکوتا..."**

....وێنەکەتم بەرانبەرخۆم داناوە و لێت دەڕوانم زۆر ساڵان لە گەڵتا بووم، زۆر ڕۆژان بە یادی تۆ کات و ساتەکانم وەسەما دەهێنا. بەڵام داخم ئێتر ئێجگار درەنگە، لە دەموچاوتەوە دەستم پێ کردووە، لە چاوانی ماتتەوە، لە خەتی ژێر چاوت، تەنانەت دەمهەوێ وەبیرم بێتەوە کە زۆرتر چ ڕەنگێکت بۆ چاویلکەکانت پێ جوان بوو. گەر دوای سەد ساڵی دیکەش لێم بپرسن کاتی زەردەخەنە و پێکەنین چلۆن ئەدوایت و کاتی گرژبوونت چلۆن؟ دەتوانم بە نوسین وێنەکەت بکێشمەوە.



دەزانی دارەکانی ناو دارستانم زۆر خۆش دەوێن، چون بەدوای تێپەربوونی وەرزەکانی پاییز و زستانیش هەر بە پێوەن و ڕاوەستاو دەچنە ناو وەرزی بەهارەوە و لەبەر زەردی وەرزی پاییز و لە ژێر خەرمانە بەفری وەرزی زستان چۆك دانادەن و شاخ و باڵیان سەربەست و ئازاد لە قووڵایی دڵی ئاسماندا دەشەکێننەوە و بەرەوڕووی ئەو ئاسۆیەی کە چرپەی شنەبای نەسیمی وەرزی بەهاری بە دیاری پێیە زەردەخەنە لێ ئەدەن، لاوەکان و کیژەکانی وڵاتی مە چەشنی ئەو دارستانەن کە تەنانەت لەو کاتەشدا کە پەتی سێدارە دەهاوێژنە ملیانەوە دڵیان مەکۆی ئەوین و عەشق وئاواتیان گەورە و باوەڕیان قوڵە کە" داچوونی ئەستێرەکان مزگێنی هەڵاتنی خۆر بە دیاری دەهێنێت."لە نامەی فەرزادی کەمانگەر وەر گیردراوە

پێم خۆش بوو کە زیندوو بویتایە و بتدیبایە کە ئێستاش چیرۆکی ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە دونیایێك دەهەژێنێت و ڕێگە دیاری دەکات. پێم خۆشە بزانم کە چلۆن پێشوازیتان لە فەرزاد و لە شیرین و لە فەرهاد و عەلی و لە مەهدی کرد، حەسرەت دەخۆم بۆ ئەو کاتەی کە ئاسمان ئامێزی بۆیان کردەوە و ئەوانی بۆ میوانی بەرەو وڵاتی خۆر برد، تامەزرۆم گوێم لە ترپەی دڵی زەوی بێت کە لەو کاتەدا کە ئامێزی دەکاتە لانکەێیك و پشوو ئەدات بە جەستەی زامداری ئێوە، دەمهەوێ بزانم کە چلۆن دەگاتە ترۆپکی بەختەوەری!

دەمهەوێت بۆ ساتێك ببمە میواندارت و لە گەڵ خۆمدا بتهێنمەوە بۆ کوردستان، بۆ مەڵبەندی حەز و ئاوات و تاسە و خەم، لەوێوە قسەت بۆ دەکەم، باسی ئەو کاتەی کە هاوڕێیەکەم هەواڵی لە سێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیەکانی پێدام تەزوێکی سارد بە لەشمدا هات و پەشۆکام، هەستم دەکرد دونیا بە سەرمدا ڕووخاوە، نامۆ و پەشێو و سەرگەردان بیرم لە تۆ دەکردەوە بیرم لە خۆمان دەکردەوە، بیرم لەو هەموو ساڵانەی کە تێپەڕ بوون دەکردەوە کە هەتا ئێستاش بۆشایی جێگای خاڵی تۆی پڕ نەکردۆتەوە، بیرم لەو سێبەرە قورسەی کە سالانێکی درێژە باڵی بە سەر ژیانی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئێمەدا کێشاوە و هەتاهەتایە هەر بەشوێنمانەوە دەبێت دەکردەوە و لە ناخەوە خەم دای گرتم کە پێنج بنەماڵەی دیکەش وەك

ئێمە و هەزاران بنەماڵەیتر هیچ کاتێك ئۆقرە ناگرن و زامەکانیان بە هیچ شتێك سارێژ نابێتەوە، شاڵاوی خەم لە ناو چاومدا و فرمێسکی قەتیس هێورهێور بە بێدەنگی دێتە خوارێ.

هیچ دەزانی کە سالیانێکی درێژە لەو کاتەدا کە بەهار دەماری زەوی دەجولێنێ و مزگێنی ژیانەوە بە دیاری دەهێنێ ئەمن دەنگی دایکم لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە ئەتۆ دەلاوێنێتەوە، دەڵێ گوڵم لە کوێیی ئەوا وەرزی بەهارە مانگی گوڵانە دار و دەوەن دەژێیتەوە گوڵ سەر دەر دێنێت، بەڵام هاوار! گوڵی منیان پەرپەڕ کرد. دەزانی چیتر وەرزی بەهار شادم ناکات، دەزانیت زۆر لەمێژە ووشەکانی شادی و بەختەوەری ماڵئاواییان لێ کردووین.



ئازیزەکەم مانگی گوڵانە، دار و دەوەن چرۆ دەکات بەهار دەماری زەوی دەجولێنێت و چیرۆکی کۆنی ژیانەوە بە گوێی سروشت و دونیادا دەچرپێنێ، بەڵام دایکانی وڵاتی مە گوڵی پەرپەڕ کراوی کۆرپەکانیان لە ئامێز دەگرن ئەویش لە ڕۆژی دایکدا، هاواری دایکانی وڵاتی من بە قەد باڵای بەرزی زامەکانی کوردستانە.

زۆرم پێ سەیرە هیوا و ناهومێدی لە ناخمدا ئاوێتە بوون و دەستەویەخە، چلۆن دەکرێت باس لە بەهار بکەم لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێك لەم مەڵبەندە خوێناویە بەهار ئەدزن، چلۆن دەکرێت باس لە هەلاتنی خۆر و تاجە زێرینەکەی بکرێت لە کاتێکدا لەم وڵاتە خەمگرتووە هەموو کازیوەیێك هەلاتنی خۆر لە سێدارە ئەدرێت، چلۆت دەکرێت باس لە سەما و شایی بکرێت لە کاتێکدا بە سەمای جەستەی ڕۆلەکانمان لە پای داری سێدارەدا ڕۆژەکانمان دەست پێ دەکەین...

بەڵام هیوا دەگرم کاتێك کە دەبینم دایکانی وڵاتی من لە دوای ئەتۆش لاوی وەکو فەرزاد و فەرهاد و وەکو مەهدی و عەلی و کیژی وەکو شیرین پەروەردە دەکەن، هیوا دەگرم کاتێك دەبینم کە داچوونی هەر ئەستێرەیێك مزگێنی هەلاتنی خۆر بە دیاری دەهێنێ. **فەرزاد، شیرین، فەرهاد، مەهدی و عەلی لە دایك بوونتان پیرۆز بێت.**

لە نوسراوەیێك کە بە یادی کاك ناسری خوشکەڵام کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە بەرەبەیانی ۱۳۶۲/۰۲/۰۳ لە شاری بانە ئیعدام کرا وەرگیردراوە.

ڕێکە بە ڕێگابڕینی کانیاوەکان ناگیردرێت، گرینگ نییە هەر چەندەش هەوڵ بدرێت هەڵقوڵانەکەی دوا بخەیت لە ناو کانگای دڵی زەوی دلۆپ دڵۆپ یەك دەگرن و کۆ دەبنەوە و زۆری پێ ناچێت کە سەرچاوەیێك بۆ سەرهەڵدان ئەدۆزنەوە و ئەمجارەیان ئیتر هیچ بەربەستێك ناتوانێت ڕێگە بە لە دایكبوون و هەڵقولان بگرێت.

زۆر لەمێژ نییە کە هەواڵی دڵتەزێنی لە سێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیەکانی دونیای هەژاندووە و بە دوای ئەوەش بیستنی هەواڵی دیاریکردنی کاتی بەڕێوە بردنی حوکمی لە سێدارەدانی حەبیبی لوتفی ئەوەندەیتریش دایچڵەکاندین.

گیانی زێنەبی جەلالیان و زیاتر لە پانزە هاووڵاتیتر ڕاستەوخۆ لە مەترسی بەڕێوە چوونی حوکمی ئیعدامدایە.

کوردستان جەستەیێکی زامدارە، ئەمڕۆکە برینە کۆنەکانیش وەهاوار هاتوون و بانگەشەی تەواوی گەلی کورد، جیا لەوەی کە سەر بە چ حیزب و ڕێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵێکن دەکات کە بە دەنگ ڕۆڵەکانمانەوە بێن و چاو بە سەر ئەم تاوانە بێکۆتاییانەی کۆماری ئیسلامی نەقوجێنین.

ڕۆژگارێکی غەریبە تەنانەت لەوپەڕی دەسەلات و سەروەریشدا لە تەرمە بێ‌گیانەکانیشمان دەترسن، بۆیە دەبێ دنگ هەڵبڕین و بڕوامان هەبێت کە ئاسۆ ڕوونە و دەبێ بۆ خۆمان ئەو ئاسۆیە دەستەبەر بکەین!!

۲۰۱۰-۰۵-۲۳

سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن
centerijnan@ymail.com